Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

# بەیاننامەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## بەبۆنەی ١٣ یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی ڕێبەری هەڵکەوتوو ، کاک سەعید یەزدانپەنا

ڕۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەی کورد !

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان !

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ؛ دۆستان ، لایەنگران !

ئەمڕۆ ٢٨ی خەرمانانی ٢٧٠٤ی کوردی، ڕێکەوتی ١٩ی سیپتامبری ٢٠٠٤، سێزدە ساڵی تەواو بەسەر تیرۆرکران و گیانبەختکردنی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کورد، پێشمەرگە و سەرکردەی لێوەشاوەی گەلەکەمان و دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، کاک سەعید یەزدانپەنا، رادەبرێ .

١٣ ساڵ لەمەوبەر ، لە کاتێکا ، تەنیا ٤ مانگ لە دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تێپەڕیبوو، کاک سەعیدی خەباتگێڕ ، ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە شاری سلێمانی کەوتە بۆسەی تاقمێك لە تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە داخەوە هەرلەجێدا گیانی سپارد و ڕۆژی دواتر لە نێو خەم پەژارەی قووڵی هاوڕێیان، دۆستان و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسیەکاندا، لە گۆڕستانی "شێخ ئەحمەد"ی شاری سلێمانی بە خاك ئەسپێردرا.

ڕێبەری شەهید کاک سەعید ، لە حاڵێکدا دەستی ڕەشی تیرۆری گەیشتێ کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی کورتی ٣٧ساڵەی‌لە خەبات و تێکۆشاندا رابوارد بوو و لە لە دەمێکدا ماڵئاوایی کرد کە پتر لە هەروەختێکی دیکە ، بۆ خەبات لە پێناو ئازادی کورد و رزگاری کوردستاندا لە جۆش و خرۆشدا بوو.

کاک سەعید یەزدانپەنا ساڵی ١٩٦٤ی زایینی لە گوندی " سەقزلوو "ی سەر بە شاری بۆکان ، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر چاوی بە دنیای پڕ مەینەت و کوێرەوەریی کوردان هەڵێنا . لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە لەشاری بۆکان خرایە بەر خوێندن و تا دوایین ڕۆژی خوێندن لە خوێندکارە هەرە زیرەك و بەناوبانگەکانی شارەکە بوو . لە ساڵی ١٩٧٨ەوە ، هاوکات لەگەڵ دەسپێك و پەرەگرتنی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی حەمەرەزا شا ، هەرچەن هێشتا زۆر لاو بوو ، ڕووی لە تێکۆشانی سیاسیی کرد . کاک سەعید کە ئەودەم خوێندکارێکی دەبیرستانیی بوو ، لە ڕێکخستن و جۆشدانی خوێندکارانی دەبیرستان بۆ سازکردنی خۆپێشاندان لە دژی ڕێژیم، دەورێکی چالاکی دەگێڕا . بەشدارێکی هەوەڵ تا ئاخری کۆبوونەوەکانی شەوانەی مزگەوتی جامیعە بوو کە ببووە ناوەندی باس و راوێژ و تەگبیری چۆنیەتی درێژە دانی خەبات لە دژی ڕێژیمی شا . بە کرانەوەی دەفتەری " ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران " لە بۆکان ، وەك تێکۆشەرێکی تەواو وەخت چووە ریزی ئەو ڕێکخراوەوە . پاش هێرشی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی

له یەکەم ساڵی ئازادیدا و داگیرکردنەوەی کوردستان ، له دەورانی شەڕی ٣ مانگەدا ، لـه چالاکترین ئەنـدامانی شانه چەکدارەکانی "گروهی سمکۆ"بوو و گەلێك قارەمانەتی تۆمار کرد . کـەم شـەقام و کـۆڵان و سـەر کـۆڵانی ئـەو شـاره هـەبوون سـەعیدی دەموچـاو پۆشـراوی چـەك بەدسـت نەناسـن . کـەم گـاراج و گـەرماوی گشـتی و نانەواخانه هەبوون نەبووبنه جێ کەمینی سەعیدی شۆڕشگێڕ بۆ پاسدارانی کۆنەپەرستی . قـەڵای سـەردار و حەوزه گەورەی بۆکان شایەتی مێژویین بۆ سەعید که چلۆن له سەردەمێدا که هێزه داگیرکەرەکانی ڕێـژیم لـه کوردستان زەبروزەنگیان دەنواند و پـۆل پـۆل ڕۆڵـەکانی کوردیـان ڕەوانـەی مەیدانـەکانی ئیعدام دەکـرد ، ئـەو لەگەڵ هاوڕێ و برا و هاوسەنگەرانی بەوەجیدا ، دەیان جار هەیبەتی داگیرکەرانیان شکاند .

کاك سەعید ، خەباتگێڕێکی وریا ، لێهاتوو و خاوەن کەسایەتیی بەهێز بوو . له ریزەکـانی ڕێکخراوەکـانی فیدائی دا ، بەردەوام له گەشەی سیاسیی و ڕێکخراوەییدا بوو . به لێوەشاوەیی خـۆی بـه تەمـەنێکی کەمـەوە ، گەیشـته ئاسـتی ڕێبەرایـەتی و هـەڵگرتنی بەرپرسـایەتی گـرینگ . تـا دامەزرانـدنی یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردستان بەماوەی ٦ ساڵ بەرپرسی دووهـەمی " ڕێکخـراوی چریکه فیدائیـەکانی گـەلی ئێـران " و بەرپرسـی کۆمیتـەی کوردسـتانی بـوو . لـه ریزەکانی ئـەو ڕێکخراوانـەدا ، لـه کۆبوونـەوەکان و کۆنفرانسـەکانیاندا ، کـاك سـەعید وەك کوردسـتانییەکی نیشـتمانپەروەر هەڵوێسـتی دەگـرت و دەورێکـی گرینگـی لەسـەر بڕیارنامـه و پەسندکراوەکان سەبارەت به کێشەی کورد دەگێڕا.

بیری پیرۆزی کوردایەتی چەن ساڵێك پێش دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردسـتان، کـاك سـەعیدی هێنابووه سەر ئەو قەناعەته که ڕێکخراوێکی کوردستانی دامەزرێنێ و بۆ عەمەلیی کردنی ئەو فکره چاوەڕێی دەرفەتی سیاسیی بوو . سەرەنجام له سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١ەوه کەوته جمۆجۆڵ بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوه سیاسیەی له مێژ بوو بـیری لێـدەکردەوه و پـاش چـەن مانگێـك ئامادەکـاریی ، لـه سـەرکردایەتی ژمارەیـەك لـه هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانیدا یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانی بـۆ خـەبات لـه پێنـاو ڕزگـاری و سـەربەخۆیی کوردستان و ئـازادی و بەختـەوەری کوردا دامەزرانـد ؛ ئامـانج وسیاسـەتەکانی گەڵاڵـه کـرد و وەك مانیفێسـتی خەباتی شۆڕشگێڕان بڵاوکرایەوه .

کـاك سـەعید شۆڕشـگێڕێکی زانـا و وشـیار بـوو . بێجگـه لـه هونـەری سـەرکردایەتی و ڕێکخسـتن و شـەڕی پارتیزانی ، خـاوەن بـیر و قەڵـەمێکی بـه بـەهره بـوو . سـەدان وتـار و لێکۆڵینـەوەی سیاسیی و فکری لەسـەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و جیهان به زمانەکانی کوردی و فارسـی بڵاوکردوەتـەوه. بـۆ تێگەیشـتن له توانـا و تاقـەت و بـەهرەی ئـەو، ئەوەنـده بەسـه کـه بڵێـین ئـەو بـیر و ڕێبـاز و چـەمکه سیاسیانەی ١٣ سـاڵ لەمەوبەر دایهێنا وبوونه ناسنامەی **RUK** وله نامیلکەکانی "یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان باشتر بناسین" و "وتوویـژ لەگـەڵ هـاوڕێ سـەعید یەزدانپـەنا"دا، گەڵاڵـەی کـردن، ئـەمڕۆ بـۆ بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونەته گرینگترین چەمکه سیاسیەکانی سەردەم و هێز و لایەنـه سیاسییەکانی دیکـەی

کوردستانیش یەك بە دوای یەکدا پەسندیان دەکەن. لەوانە: "کوردستانی بوون"، "فیدرالیزم"، "بەرەی کوردستانی" و...هتد

بە دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، سەردەمێکی نوێ لە ژیان و خەباتی کاك سەعید دەستی پێکرد . کاك سەعیدی نەمر ، بۆ وەسەرپێ کەوتن و گەشە و هەڵدانی RUK شەو و رۆژی پێکەوە گرێ دەدا ، هەڵدەسووڕاو ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشا . ئەو خەباتگێڕە نەسرەوتووە کە لە ماوەی خەباتیدا شایەتی گیانبەختکردنی برایەك و گەلێك لە هاورێکانی بوو ، پاش دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە جۆرێك هەستی بە ئاسوودەیی رۆحیی و سەربەرزی دەکرد کە دەیفەرموو: "ئێستا ئیتر دوای دامەزرانی RUK ئەگەر مەرگیش لە رێ بێ ، بەلامەوە گرینگ نییە".

رێژیمی داگیرکەر و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی کە دەوری کاك سەعیدی لە بزوتنەوەی کوردایەتی و لە یەکێتی شۆڕشگێڕاندا باش دەزانی و پێکهاتنی رێکخراوێکی نەتەوەیی لە لاوانی کوردستانی بە مەترسییەکی گەورە بۆ خۆی دادەنا ، زۆر زوو لە یەکێتیشۆرشگێرانیکوردستان کەوتە پیلانگێڕان و یەکەم شاڵاوی تێرۆری خەباتگێڕانی کوردی رۆژهەڵات لە کوردستانی باشوری ، بەتێرۆری رێبەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، کاك سەعید ، دەسپێکرد.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو تاوانە ، ئەگەر لە لایەك ویستی کاك سەعید وەك شۆڕشگێڕێك لە سەر رێ لابا ، لە لایەکی دیکەوە بەو خەیاڵە مەست بوو کە بە تیرۆری ئەو، یەکێتی شۆڕشگێڕانی تازە لەدایکبوو ، هەر لە بێشکەدا لەناوبەرێ . بەڵێ ! دوژمنی داگیرکەر و نەیارانی رێبازی رەسەنی کوردایەتی ، چاوەڕوان بوون سەعید و یەکێتییەکەی پێکەوە بنێژن . بەلام ؛ هەرچەن ماڵئاوایی ناوەختی کاك سەعید ، خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و برینێکی قووڵی خستە سەر جەستەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، جوامێری و خۆڕاگری هاورێ و هاسەنگەرە وەفادار و کۆڵنەدەرەکانی شەهید سەعید ، خەیاڵی دوژمنان و ناحەزانیان کردە بلقی سەرئاو و خوێنی ئاڵی رێبەری لێوەشاوەیان کردە هێزی هەستانەوە بەرانبەر دوژمن و زۆر زوو هەموو لایەکیان بە دۆست و دوژمنەوە دڵنیا کرد کە رێگەی سەعید درێژەی هەیە و زەبروزەنگ و تێرۆر ناتوانێ کار لە ئیرادەیان بکا .

بەڵام بۆ ئێمە خەباتگێڕانی رێگای رزگاری کوردستان، قوتابیانی شەهید سەعید یەزدانپەنا، ئەوەی برینی سارێژ نەبوومان، هەردەم دەکولێنێتەوە ئەوەیە کە ئەو تێکۆشەرە بەوەجەی رێگای ئازادیی، لە نێو ماڵ و لەسەر خاکی بەر دەسەڵاتی برای کوردی خۆیدا شەهید کرا، بە بێ ئەوەی هەتا ئێستاش بکوژانی بگیرێن و سزابدرێن.

ئەمرۆ پاش ١٣ ساڵ لەو تاوانە و پاش ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و کوردستان و کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی باشور لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم لە سلێمانی لەسەریانە بکوژانی شەهید سەعید یەزدانپەنا بناسێنن و سزای یاساییان بۆ دیاری بکەن.

ئێستا کە ١٣ ساڵ بەسەر مەرگی جەستەیی ئەو خەباتگێڕەدا تێدەپەڕێ، ئەو لە ڕێبازیدا نەمرە و مانی هەتا هەتایی مسۆگەر کردوە، چونکە مرۆڤی خاوەن پەیام نامرێ و لە مردن بەهێزترە. یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش ساڵ بە ساڵ زیاتر گەشە دەکا و بەهێزتر و جەماوەریی تر دەبێ . ئاخوندە تێرۆریست و مرۆڤکوژەکانی فەرمانرەوای ئێرانیش ناو زڕاوتر بوون، کەوتوونەتە بەر شەپۆلی بەرینی ناڕەزایەتی گەلانی ئێران و گوشاری کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و چارەنووسێکی رەش لە چاوەڕوانییان دایە . ئێمە دڵنیاین ئەو رۆژەی تەخت و بەختی فەرمانڕەوایانی تێرۆریستی ئێران بەدەستی بەتواناى کۆمەڵانی خەڵك هەڵدەگەڕێتەوە و بکوژانی رۆڵەکانی گەلی کورد هەر وەك سەرانی تاوانباری رێژیمی پێشووی‌عێراق، لە دەستی عەدالەتدا گرفتار دەبن ، درەنگ یان زوو دەگاتێ .

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، لە ١٣یەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکرانی ڕێبەری هەڵکەوتوویدا ، پەیمانی لەگەڵ نوێ دەکاتەوە کە درێژەدەری رێگا پیرۆزەکەی : خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ بێ.

هەر لەم رۆژەدا سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو خەباتگێڕانەی پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵ ڕێبەی شەهیدیان بردە سەر و بە دوای ئەودا ، لە سەنگەرەکانی بەرگری لە خاکی کوردستان، لە ئەشکەنجەگاکانی رێژیم، یان لە پیلانە تیرۆریستیەکاندا گیانیان بەختکرد.

**سڵاو لە ڕێبەری شەهید ، کاك سەعید یەزدانپەنا سەر قافڵەی شەهیدانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢٨ی خەرمانانی ٢٧٠٤**

**١٩ی سێپتامبری ٢٠٠٤**